وەزارەتی دەرەوە
نوسینگەی وتەبێژ

6 ی ئایاری 2015

بۆ بڵاوکردنەوەی
دەست بەجێ

پوختەیەک لەسەر کۆبوونەوەی جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، بلینکن، لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق مەسعود بارزانی

جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ئەنتۆنی بلینکن چاوی کەوت بە سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق مەسعود بارزانی و چەند بابەتێکیان تاوتوێکرد، لەوانە ، گرنگی رۆڵی پێشمەرگە و کورد لە شەری دژی داعش . جێگری وەزیری دەرەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی سەرۆک بارزانی کرد بۆ ئەو کەسانەی کە لە کردەوە تیرۆرستیەکان گیانیان لەدەستداوە لە سەرتاسەری عێراق و زیاتر لە هەزار پێشمەرگە کە بوونە قوربانی شەرانگێزیەکانی داعش و هەموو ئەوانەی کە بریندار بوون.

جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ، بلینکن، جەختی لەسەر پشتیوانی بەهێزو بەردەوامی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا کردەوە لە عێراقێکی یەکگرتووی فیدرال و دیموکراسی هەروەک ئەوەی لەدەستوری عێراقدا هاتووە. و هەروەها ستایشی هەماهەنگی بەهێزی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی نوێی عێراقی کرد بە سەرۆکایەتی سەرۆک وەزیران حەیدەر عەبادی. و بەتایبەتی باسی لە ناوەندەکانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش کرد لە بەغدا و هەولێر، کە ئۆپەراسیۆنەکانیان تێدا ریکدەخرێت و زانیاریان تێدا ئاڵوگۆر دەکرێ. و باسی ئەو چوارشوێنەی راهێنانی کرد کە بۆ بەرزکردنەوەی توانای هاوکارەکانە لە عێراق، بەوەشیانەوە کە نزیک هەولێرە، بۆ راوێژ پێدان و راهێنانی هێزە ئەمنییەکانی عێراق. جێگری وەزیر جەختی لەسەر پابەندبوونمان کردەوە لە کارکردن لە گەڵ هاوپەیمانان و حکومەتی عێراق بۆ بەهێزکردنی ئەم پرۆگرامانە و دابینکردنی هاوکاری سەربازی بۆ هێزە ئەمنییەکانی عێراق و پێشمەرگەی کوردی بۆ تێکشکاندنی داعش.

جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بلینکن و سەرۆک بارزانی شەروەها باسی قوتبوونەوەی کارەساتە مرۆییەکانیان لە عێراق کرد، کە 2.7 ملیۆن کەس جێ لەق بوون لە کانونی دووەمی 2014 وە. وە تێبینی ئەوەیان کرد کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە بەپەلە هاریکاری مرۆیی زیاتر دابین بکات بۆ پێداویستییە مرۆییەکان. جێگری وەزیری دەرەوە سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ هەواندنەوەی سەدان هەزار ژن و پیاو و منداڵی ئاوارەی ناوخۆ و شەروەها نزیکەی 250000 ئاوارەی سوری. وە جەختی لەسەر پاڵپشتی دە ساڵەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کردەوە بۆ پاڵپشتکردنی ئاوارە عێراقییەکان و تێبینی ئەو هاوکارییە کرد کە 200 ملیۆن دۆلار تەرخانکرا بۆ ئەو پێداویستییە مرۆییانەی کە رووبەڕووی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبنەوە.

شەروەها جێگری وەزیر جەختی لەسەر پەیوەندی مێژووین ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا کردەوە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستان و پابەندبوونی تەواومان بەو پەیوەندییەوە. شەردوو سەرکردەکان دانیان بەوە دانا کە عێراق لە هێڵی پێشەوەیە لە شەرکردن لەدژی داعش، و عێراق و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و حکومەتەکانی ناوچەکە و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە شان بەشانی یەکتر بوەستن بۆ رووبەڕووبونەوەی ئەم مەترسییە. سەرۆک بارزانی سوپاسی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکای کرد بۆ پاڵپشتیەکانی بۆ حکومەتی هەرێم و خەڵکەکەی بەدرێژایی ساڵانی رابردوو و بەتایبەتی لە شەری ئێستای دژی داعشدا.